# ئێعدام بەشێکە لە کارنامەی مافی مرۆڤی رژیمی ئێران

و. عەلی بەهرامی



١٩ی سەرماوەزی ئەم ساڵ رۆژی جیهانی مافی مرۆڤە کە پێی نایە ٦٠مین ساڵیادی خۆی، و لە رۆژی ١٠ دیسامبری ١٩٤٨ی زایینی بە ناوی جارنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دەنگی پێ درا.

بانگی موون سکرتێری گشتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و باقی بەرپرسانی ئەو رێکخراوە، ساڵی ٢٠٠٨یان بە ساڵی گەیشتنی مرۆڤ بە پلەی خۆی و داد پەروەری یان ناو ناوە.

رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ساڵی ڕابردوویان بە ساڵی خەبات لە بەرانبەر برسیەتی لە جیهان دا دانا بە ئامانجی دابین کردنی مافی مرۆڤ لە جیهاندا، و برسیەتیان بە هۆیێك بۆ پێشێل کرانی مافی مرۆڤ زانی بوو.

بەبۆنەی هاتنی رۆژی جیهانی مافی مرۆڤ، رێکخراوە جیاجیاکانی پارێزەری مافی مرۆڤ لە ناوخۆ و دەرەوەی ئێران بە دەرکردنی ڕاگەیێندراو نارەزایەتیان لە بەرانبەر پێشێلکاری بەربلاوی مافی مرۆڤ لە ئێراندا دەربڕیوە.

بە پێی ڕاگەیێندراوی رێکخراوی هەواڵدەرانی بێ سنوور، لە سەرتاسەری جیهاندا ١٣٠ رۆژنامە نووس و ٦ هاوکاری چاپەمەنی و ٦٣ بەرێوەبەری ماڵپەری ئینتێرنێتی، بە هۆی بەرێوەبردنی ئەرکەکانیان و دەربڕینی نارەزایەتی لە زینداندان.

رێکخراوی هەواڵدەرانی بێ سنوور ڕایگەیاندوە، چین بە بوونی ٣٣ و کوبا بە ٢٤ رۆژنامەنووسی زیندانی، زیاتر لە ٤ ساڵە گەورەترین زیندانی رۆژنامە نووسانن لە جیهاندا. لە درێژەی ئەو ڕاگەیێندراوەدا باسی لە ئێران و ئازەربایجان کراوە کە ئەو دوو وەڵاتە زۆرترین رۆژنامەنووسیان زیندانی کردوە. ئێران بە ١٤ رۆژنامە نووس و بەرێوەبەرانی ماڵپەڕە ئینتێرنێتیەکان گەورەترین زیندانی رۆژنامەنووسانە لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا.

رەزا موعینی بەرپرسی بەشی ئێران لە رێکخراوی هەواڵدەرانی بێ سنوور، لە ووتووێژێکدا لەگەڵ رادوێ فەردا دەڵێ: بە گشتی بە پێی خشتەی ئێمە زیاتر لە ٦٣ کەسی دەست بە سەر کراو هەیە، بەشێکی دیکەش لە گۆشە و کەنارەکانی ئێراندا زیندانی کراون کە بەرپرسانی رژیم هیچ باسێکی لێ ناکەن، ئێستا ١٢ رۆژنامەنووس لە ئێراندا گیراون کە ئاخر کەسیان ئومید ئەحمەدزادەیە لە کوردستان.

لە ساڵی ڕابردوودا خشتە و هەواڵگەلێك لە زمان پارێزەرانی مافی مرۆڤ بڵاو کرایەوە لە باس لە پێشێلکاری مافی مرۆڤ لە ئێراندا دەکەن.

دەست بەرسەر کردنی خوێندکاران، رۆژنامەنووسان، هەڵسووراوانی مافی ئافرەتان، قەدەغە کردنی سەرفەر کردن، رێگەنەدان بە خوێندنی بەشێك لە خوێندکاران، ئێعدامی بەربڵاوی خەڵك بە تاوانی ئەرازل و ئەوباش، بەردەباران، زۆرهێنان بۆ کەمینە مەزهەبیەکان و ئێعدامی لاوان کە لە تەمەنی منداڵی دا تاوانیان ئەنجام داوە، نمونەی ئەو مەسەلانەن کە باسیان لێوە کراوە.

بە سەرنجدان بەوەی کە بەرزترین و گەورەرین ماف بۆ مرۆڤ، ژیانە، خرابترین مەسەلە لە باری پێشێل کردنی مافی مرۆڤ لە ئێراندا، پێشێلی ماف و ئێعدامی خەڵکە.

لە ساڵی ٢٠٠٧دا زیاتر لە ٣٠٠ کەس لە ئێران ئێعدام کراون کە ئەگەر بەراورد بکرێ لەگەڵ رێژەی خەڵکی ئێران، زیاترین رێژەی ئێعدامە لە جیهاندا، و سزای ئێعدام لە کارنامەی مافی مرۆڤی رژیمی ئاخوندی دا روو رەشیە.

دوکتور حسین باقرزادە کە هەڵسووراوی سەربەخۆی مافی مرۆڤە لە لەندەن، دەڵێ: لە کاتێکدا رێژەی ئێعدام لە جیهاندا بەرەو کزی دەچێ، بەڵام خشتەکان وانیشان دەدەن کە سەزای ئێعدام لە ئێران رۆژ بە رۆژ بەرەو سەر دەچێ.

رێکخراوی بەرگری لە مافی مرۆڤی کوردستان، تەنیا ناوەندی پشتیوانی لە مافی مرۆڤە لە ناوچە کوردنشینەکانی ئێرانە کە هەڵسوورانی هەیە، ئەم ناوەندە لە خاکەلێوەی ساڵی ١٣٨٤ لەلایەن محەممەد سدیق کەبوودوەند دامەزرا. محەممەد سدیق کەبوودوەند سەرۆك و ئیجلال قەوامی ئەندامی بەرێوەبەری ئەم رێکخراوە بە تاوانی هەڵسوورانی دژ بە رژیم و ئاسایشی نەتەوەیی لە زینداندان.

سامان رەسوولپوور ئەندامی هەیئەتی بەرێوەبەری ئەو رێکخراوە لە بارەی ڕاپۆرتێك کە ئەو رێکخراوەلە پێوەند بە داواکردنی ئەفراد، دەست بەرسەر کردن، و دەرکردنی حوکم دارێژراوە.

هەروەها مەسەلەی رۆژنامەنووسان، هەڵسوراوانی خوێندکاری، ئافرەتان، کرێکاران و بە گشتی مەسەلەی مافی مرۆڤ لە ماوەی سێ مانگی ڕابردوو لەو ڕاپۆرتەدا هاتووە، و وێ دەچێ بە تەواوی ئەو پێشێلکاریانەی کە لە کوردستاندا روویان داوە تێیدا نەهاتبێ.

لەم ڕاپۆرتەدا مەسەلەی رۆژنامەنووسان، خوێندکاران و مامۆستایان، هەڵسووکەوت لەگەڵ مامۆستایان و کرێکاران، دەست بەسەرکردن و دەرکردنی حوکم بۆ هاو وڵاتیان، بەرێوەبردنی حوکمی ئێعدام لەگەڵ هێنانی ناوی ئێعدام کراوان، و نوێترین حوکمی ئێعدام، ئێعدامی ماکوان مەولوودزادەیە کە لە ١٤ی سەرماوەزی ١٣٨٦ لە زیندانی کرماشان بەرێوە چوو.

رەسووڵ پوور دەڵێ، مەسەلەی مافی مرۆڤ لە ناوچە کوردنشینەکان بە شێوەیێکی گشتی رەوتێکی خراپی تێپەڕاندوە، زۆرینەی گیراوەکان تا ماوەیێکی زۆر ناتوانن لەگەڵ خانەوادە و پارێزەری خۆیان پێوەندی بگرن، لێپرسینەوە چەندین مانگ دەخایێنێ و دادگایی کردنەکان بە بێ پارێزەر بەرێوە دەچێ.

ناوبراو زیادی کرد: لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا چەندین کەس لە ئوستادان کوردی زانکۆکان لە سەر مەسەلەی فیکری لە کارەکانیان دەرکراون. چەندین خوێندکاری کورد چەندین مانگە گیراون، وەك یاسر گولی کە خوێندکاری ئەستێرەداره، هیدایەت غەزاڵی و سەباح نەسری.

رەسووڵ پوور دەڵێ: رێژەی ئێعدام کراوان لە کوردستان و لەو ماوەی ٣ مانگەدا ٦ کەسە کە لە زیندانەکانی ناوچەکانی کوردستان ئێعدام کراوان و لە ڕاپۆرتەکەدا ناویان هاتووە. چونکە دەرگای زیندانەکان بە رووی هەواڵدەریەکاندا داخراوە وە وێ دەچێ رێژەیێکی زیاتر دوور لە چاوی هەواڵدەریەکاندا ئێعدام کرابن و هەل و مەرجی کرێکاران و مامۆستایان خرابترە لە جاران.

***

# بەرز و بەرێز بێ ١٦ی سەرماوەز، رۆژ دانشجوو

لە مێژووی خەباتی ئازادیخوازی گەلانی ئێران بە تێکڕا و مێژووی جووڵانەوەی ئازادیخوازی خوێندکاران و رۆشنبیران، رۆژی ١٦ی سەرماوەز رۆژی دانشجوو درەوشاوەیە، رۆژی دانشجوو وەك چۆڵە چرای رێگەی رزگاری و ئازادیخوازی خوێندکاران و دانشجووەکان لە ماوەی ٢٩ ساڵی ڕابردوودا و لە دەورانی دەسەڵاتی رژیمی سەرەرۆی ئاخوندیدا خۆ دەنوێنێ.

لە ١٦ی سەرماوەزی ٥٤ ساڵ لەوە پێش سێ خوێندکاری ورە بەرز و دژی ستەم لە بەرانبەر دەسەڵاتی سەرکوتگەرانەی رژیمی شایەتی دا بە فیداکاری و لێبڕاوی وێستانەوە و سەر ئەنجام لە پێناو ئامانجی پیرۆزیان گیانی بەرزیان فیدای ئازادی کرد و بە خوێنی خۆیان رێگەی ئازادیخوازی و مافخوازیان، نەخشاند. لەو کاتەوە هەموو ساڵێك بەو بۆنەوە دانشجوو و خوێندکاران، لە رۆژی ١٦ی سەرماوەزدا لەلایێك یادی قارەمانی ئەو سێ دانشجوە شەهیدە دەکەنەوە، لەلایێکی دیکەوە لە بەرانبەر ستەم و بێ عەداڵەتی رژیمی ئاخوندی دا، نارەزایەتی کەم وێنە بەرێوە دەبەن.



سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، بە بۆنەی ١٦ی سەرماوەز، رۆژی دانشجوو گەرمترین و رازاوەترین، پیرۆزبایی پێش کەش بە دانشجوە قارەمان و دڵسۆزەکان دەکا، و داوا لە دانشجوانی کوردستان دەکا، لەگەڵ بەرز ڕاگرتنی رۆژی ١٦ی سەرماوەز بە هاوپشتی لەگەڵ خوێندکاران و دانشجوەکان لە سەرانسەری ئێراندا لە بەرانبەر بێ دادی و ستەمگەری دەسەڵاتی ملهوڕی ئاخوندیدا بوێستنەوە.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران باوەڕی وایە، خوێندکاران و چینی لاوان، دەتوانن پێشرەوی جولانەوەی ئازادیخوازی لە بەرانبەر دەسەڵاتی ولایەتی فەقیەدا بن و دەوری بەرچاوتریان هەبێ.

وەك دەبینین بە خۆشیەوە، جووڵانەوەی دانشجوویی ئاڵ و گۆڕی بەرچاو و گرینگی تێدا وەدی هاتوە و خوێندکاران و دانشجوەکان دەتوانن ئەرکی زۆرتر و چارەنووس ساز لە ئەستۆ بگرن.

بەو هومێدەی جووڵانەوەی رزگاریخوازی گەلانی ئێران لە بەرانبەر رژیمی سەرەرۆی ئاخوندیدا، بە ئاکام بگا و ئەو رژیمە سەرەرۆ و دژی خوێندکاری و ئازادیخوازیە، بروخێ و ئاسەواری نەمێنێ و تێکڕای چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی ئێران و کوردستان بە شادی و ئازادی بگەن.

جارێکی دیکە پیرۆز بێ رۆژی ١٦ی سەرماوەز رۆژی دانشجوو

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

١٦ی سەرماوزی ١٣٨٦

## درێژەی ڕاگەیاندنی پلینۆمی چوارەمی کۆمیتەی ناوەندی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

عێراق لەبەرانبەر هەرەشەکانی رژیمی ئاخوندی ئێران و رژیمی تورکیە دەربری.

٥ـ پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی ئابڵوقەی سەر رژیمی ئاخوندی بە کارێکی بە جێ زانی بەو شەرتەی زیان بە خەڵکی هەژاری ئێران و کوردستان نەگەیێنێ. هەر لەو پێوەندیەدا، هەوڵی کۆمەڵگەی جیهانی بۆ رێگە گرتن لە وەدەست هێنانی چەکی ئەتۆمی لەلایەن رژیمی ئاخوندیەوە بە ئەرکێکی بە جێ زانی، کە بێ گومان دەست گەیشتنی رژیمی ئاخوندی بە چەکی ئەتۆمی مەترسی بۆ سەر جیهان و ناوچەکە دەبێ و سازمانی خەبات پشتیوانی لە هەر هەوڵێك دەکا بۆ رێگە گرتن لە دەست گەیشتنی رژیمی ئاخوندی بە چەکی ئەتۆمی.

لە پێوەند بە کار و هەڵسورانی کۆمیسیون و ئورگانەکانی سازمان لە داهاتوودا بریاری پێویست و گەلاڵەی شیاو و پەسەند کراو، تێکڕای ئەندامانی پلینۆم بڕیاریاندا لێبڕاوانەتر لە خزمەت گەل و سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران دابن.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

کومیتەی ناوەندی

١٢ی سەرماوەز ١٣٨٦ کۆچی خۆری